## سوورەی شەمس

**سوورەی شەمس (ڕۆژ) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۱۵ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە تەبەق و گـڕی ڕۆژ و تیشـکی ﴿۱﴾ سـوێند بە مانـگ، بە دوویـدا دێ ﴿۲﴾ بە ڕۆژ، کە تیـف تـیفەی هەتـاو دەدا و ڕووی زەوی ڕووناک دەکـاتەوە ﴿۳﴾ بە شـەو کە ڕووی زەوی دائەپۆشـێ ﴿۴﴾ بە ئاسمان و ئەو کەسەی کە ئەوی ساز داوە ﴿۵﴾ بە زەوی و ئەو کەسـەی کە ئەوی پـانکـردۆتەوە ﴿۶﴾ بە گیانی مرۆ ئەو کەسەی چاک و بەتەکووز ئەوی ساز داوە و ڕێکی خسـتووە ﴿۷﴾ سـا خـراپە و تـاوان و چاکە و خۆپارێزی لە ویژدانی گەیاندووە ﴿۸﴾ دیارە هەرکەسێ گیـانی خـۆی خـاوین ڕاگرتـووە، ڕزگـار بووە ﴿۹﴾ دیـارە هەرکەسـیش لە گونـاهیە وە پێچـاوە دۆڕانـدویەتی ﴿۱۰﴾ هـۆزی سـەموود لە ڕووی یاغی بوونەوە خوایان بە درۆ خستەوە ﴿۱۱﴾ ئەو دەمەی کە چارەڕەش و بێ‌بەختترینیـان هەسـتا سـەر پێ ﴿۱۲﴾ جا پێغەمبەری خوا (ساڵح) بەوانـی وت: (خۆتـان لە ئـازاردانی) وشـتری مێـی خـوا و ئـاو خواردنەوەکەی (بپارێزن) ﴿۱۳﴾ جا ئەوان ئەویان بە درۆزن دانا و وشترەکەیان پەیکرد، دەس و قاچیان بڕییەوە و کوشتیان، جا لەبەر ئەوە پەروەرێنەریان ئەوانی لەبەر ئەو گوناحەی کردیـان کـوتینی بەسـەر یەکدا و ئـازاری نـاردە سـەریان و جێـی ژیـانی ئەوانـی لەگەڵ خـاک یەکسـان و تەخت کـرد ﴿۱۴﴾ لە ئاکامی ئەم کارەیشی ترسێ نییە ﴿۱۵﴾

## سوورەی لەیل

**سوورەی لەیل (شەو) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۲۱ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە شەو ئەو دەمە کە دائەپۆشێ ﴿۱﴾ بە ڕۆژ کاتێ کە ئاشکرا ئەبێ و خۆ لە دنیـا ڕادەنـێ ﴿۲﴾ بەو کەسەی کە نێـر و مێـی خوڵقانـدووە ﴿۳﴾ تێکۆشـانی ئێـوەکە جیاجیـایە ﴿۴﴾ ئەوەی بەخشـش و چاکەی کرد و لە (نافەرمانی) خوا خۆی پاراست ﴿۵﴾ باشترینی تەسـدیق کـرد ﴿۶﴾ جا لە دوایـدا بـۆ بەهەشت و ڕێگای ئاسان ئامادەی ئەکەین ﴿۷﴾ ئەو کەسەی کە بەخێلّی و ڕژدی کـرد و لەم ڕێگـایەوە خۆی بێ‌نیاز زانی ﴿۸﴾ باشـترینی بە درۆ دانـا ﴿۹﴾ جـا دۆژەهــ و ڕێگـای سـەخت ئامـادەی ئەکەیـن ﴿۱۰﴾ ئەگەر مردیش، ماڵەکەی سوودی پێنادا ﴿۱۱﴾ لەسەر ئێمەیە ڕێنوێنی کردن ﴿۱۲﴾ ئەو دنیا و ئەم دنیا تایبەت بە ئێمەیە ﴿۱۳﴾ لەم ئاوری بڵێسەدار ئێوە ترساند ﴿۱۴﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



کێ لە هەمووان بێفەرترە رادەکێشرێتە نێو دۆژەهـ ﴿١٥﴾ ئەوکەسەی کە (نیشانەکانی خوای) بە درۆ دانا و پشتی تێکرد ﴿١٦﴾ بە زوویی خۆپارێزترین خەڵـک لەوە دوور دەخرێنەوە ﴿١٧﴾ کەسێ کە ماڵی خۆی بۆ پاککردنەوەی خـۆی ئەبەخشـێ ﴿١٨﴾ بـۆ هـیچکەس لای ئەو هەقـی نیعمەتێک نییە تا بیەوێ (کە بەو هۆیەوە) پاداش بدرێتەوە ﴿١٩﴾ مەگەر ویستنی رازی بوون و خۆشنوودی پەروەرێنەری بەرزی خۆی ﴿٢٠﴾ لە دواییدا رازی و خۆشنوود ئەبێ ﴿٢١﴾

## سوورەی زوحا

### سوورەی زوحا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سـوێند بە چێشـتەنگاو، بە سـەرەتای رۆژ ﴿١﴾ وازی لە تـۆ نەهێنـاوە و (سـوێند) بە شـەو لە جەنگەی هەدادانا ﴿٢﴾ کە پەروەرێنەرت تۆی تەرک نەکردووە و لە تۆ تـوورە و قەڵـس نەبـووە ﴿٣﴾ بێگومان ئاخیرەت بۆ تۆ لە دنیا باشترە ﴿۴﴾ چما پەروەرێـنەرت ئەوەنـدەت پـێ ئەدا کە خۆشنوود بـی ﴿۵﴾ ئایـا تـۆ سـێوییەک نەبـوی، جـا پەنـای دای؟ ﴿٦﴾ تـۆی دی گـومڕای، جـا رێنوێنی کردی ﴿٧﴾ تۆی بە فەقیری گیر هـات، جـا بـێنیـازی کـردی ﴿٨﴾ سـا تـۆیش هەتیـو مەڕەنجێـنە ﴿٩﴾ سـواڵکەر (بە ئـازارەوە) دەرمەکە ﴿١٠﴾ نـاز و نیعمەتـی پەروەرێـنەرت بگێڕەوە و قسەی لێبکە ﴿١١﴾

## سوورەی شەرح

### سوورەی شەرح لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئاخۆ سینگی تۆمان گوشاد نەکردوە؟! ﴿١﴾ ئایا باری گرانـی تۆمـان لە تـۆ نەکـردەوە؟! ﴿٢﴾ ئەو بارەی کە پشتی تۆی چەماندبوو ﴿٣﴾ ناوبانگی تۆمان بەرز کردەوە ﴿۴﴾ لە دوای تەنگانە، فەرعانەیە ﴿۵﴾ ئارێ بەراستی لە دوای تەنگانە، فەرعانە هەیە ﴿٦﴾ جا کاتێ لە کار بوویەوە، هەستە و خەریکی عیبادەت کردن بەو تێبکۆشە ﴿٧﴾ تەنیـا بەرەو لای پەروەرێـنەرت سـەرنج بدە و رەغبەت پەیا بکە و بلاڵێوە ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi